www.kurdistannet.org
20/06/2002 22:41

# رایەك لەسەر شیعری عبداللّە پەشیو
# لە نیو هەرای ئیدیولۆژیدا . شیعر دەبتە جنیو؟

و: حەمید كەشكۆلی

{لە ژیر ناونیشانی " لە نیو هەرای ئیدیولۆژیدا. . شیعر دەبتە جنیو" ، سەیدا نزار ئاگری وتاریكی رەخنەگرانەی زۆر گرنگی لە هەفتەنامەی " المؤتمر" ی ژمارە ٣٠٧ی ١٥-٢١ یونیوی ٢٠٠٢ نووسیوە وهاوكات لە سایتی www. amude. de دا بلاوكراوەتەوە و منیش بەپیویستم زانی وەری بكیرمەوە سەر كوردی بۆ ئاگاداركردنی خوینەرەوەی كورد و وروژاندنی ئەم باسە هەرە گرنگە. (ح. ك) }

عبداللّە پەشیو لەگەل ژمارەیەكی زۆری هاڤالانی، ئەوانەی جیلیكی هاوئاهەنگ و تا رادەیەكی زۆر هاوتەمەن و هاوخیسلەت بوون, هاتە مەیدانی شیعری كوردی. لە دەمیكدا تیكەلاوی شیعر بوون ، بانگەشە و ولاڤ رزگاریخوازی و شورشگیرانە و غایەلەی گۆرانكاری و هەلگەرانەوەی كۆمەل، هەمو قوژبنیكی دنیای تەنیبووەوە. ئەوان شیعریان لەدەست بوو چۆن خەلكی دی بیل و چەكوشیان پیبوو.

حالی وانیش ریزپەر نەبوو, چونكە رووت بە هەركوی وەرچەرخاندبا هەر وینەی شاعیری شۆرشگیر بوو, لی باری شاعیرانی كورد لەو لافوگزافانە گرانتر بوو، خۆیان بە دەمراستی تەواوی شۆرشەكان، قەومی بن یان چینایەتی، ئینترناسیۆنالیست بن یان هی دیكە، دانابو.

عبداللّە پەشیویش, تاقە نموونەش نەبیّ، نمونەیەكی زەقە, هەروەهاش شیركۆ بیكەس و لەتیف هەلمەت و كەسانی تر، هەمیشە بۆ خۆیان جیگەی پیشەنگی بیّ حەریفی ئەم مەیدانە پاوان كردبو.

ئەوان پیشەنگن بە مەشخەلەكەیان ریی كاروانی میللەت رۆشن دەكەنەوە، پیشەنگن لەبەئەوەی رەنج (چ رەنجیك؟) دەكیشن لەپیناو زولملیكراوان.

بەقسەی زل زل و خۆنواندن و خۆفشكردن پەشیو ویستی زیتر بروا و بۆ ئەو دیوی روبارەكەش بپەریتەوە, هەكە شیركۆ و هاوریەكانی بەناوی احزاب و جماعەتیان قسە دەكرد, خۆ پەشیو هەر بەیەكجار بە ناوی تەاوی نەتەوەو ە قسەی دەكرد. ئەگەر ئەوانە باوەریان وابو ریگەی ئازادی لە دەروازەی حزبەوەی بۆ دەچن, پەشیو جەماوەری كردە دەروازە ی هیوای. رەنگیشە تحصیلەكەی لە شورەویدا تەئسیری خۆی لەم مەسەلەیەدا لەسەر هەبوبیت. كۆمونیومی ئیستالینی هەر بەناوی جەماوەروژیردەستەكانەوە عەقیدەی خوی بەرز دەكردەوە.

پەشیو بۆ خۆی و بەبی خۆماندوكردن خۆی هەلبژارد و لەریزی پیشەوەی دانا. بشویستبا ماوەناماوە رەعیەتەكەی بەسەركردبا، ئەگەر وەزعەكە یاری بوایە, ئەوە هەر بە شیعر دەكەوتە سەروگویلاكی خەلكی وەك ئەوەی ناپەسەندانت و سەرلیشیوان بەردەباران بكەی.

خۆدورراگرتنیش لە خیتابەی حزبی تاقانە دەلیلی بەرزی و بی وینەیی نەبو. ئەو كارە لەوە دەچی رەئیسی قەبیلە لەسەرەوەی پیاوەكانی قەبیلەكە بیت و لەبلیندیەوە بەسەریان بروانی. بۆیەش قسەكانی (شیعر) پەشیو بەریزەقسەی عەشیرەتی تەژی بوو, ئەخلاقی پیاوسالاری و پیوەری دابراوانە و حوكمی برەر و ترۆكردن و سەگوەحەوشە و قاودان هەمو شتیكیان خنكاندبوو. هەركەسیكیش ئەو پیوەرەی بۆ بەشكردن وهەلاوارتنی شت پی باش نەبیت، چارەنووسی فەوتانە, چاكەی ئومەت هەقە و خراپەی وناهەق, هەركەسیك خزمەت بە ئومەت بكات جوامیرو شەرافەتمەندە وهەركەسیكیش نەیكا مەلعونە.

www.kurdistannet.org
20/06/2002 22:41
نامیلکەی "براکوژی" کە ناوی دیوانی شیعری عبدالله پەشیوی لی نراوە, پوختەی ئەو دیدە ئەخلاقییەیە. دیدی فکری شاعیریشە و ساختمانی زەینی وی, شیعرەکانی نامیلکەکە هەمووی لەدەوری تەوەرەیەك دەسورینەوە کە ئەوەش شەری یەکترکوژی جڤاتە کوردیەکان و رەقابەتی سەرانی کوردە لەسەر دابەشکردنی دەسکەوت و دەسەلات پاش ئەوەی " حکومەت"یکیان بۆ هاتەدی دوای جەنگی دووی خەلیج.

شاعیر لەبەر دوبەرەکی و نالەباری حالی کوردان زۆر ئیش وئازار دەچیشی, توورەیە لە خۆپەرستی سەرانی کورد و گوینەدانیان بە دوارۆژ و چارەنووس و مافی خەلکی بۆ خاتری پارەو پول و قودرەت. بەلام شاعیر کاتیکیش سەرقالی بیرکردنەوەیە لەم کیشەیە و چەندین پلە بۆی نەوی دەبیتەوە, شئیعرەکەی لەدووی خۆ جی دیلی و قسەو گوزارشتی زۆر دەستەنزیکی پیدەبی. دیاریشە ئەو قسانەی دەیکاتن، هەمووی لە عەمباری قسەی حزبی و مشتومری رۆژانەوە هەلینجابیت. شاعیرەکە تابلیی دادەبەزیتە ئاستی قسەی بازاری و پیشی لە جنیوو بیحورمەتی شەرکەرانیش دەبری و قسەکانی هەمووی سوکایەتی و بی حورمەتییە.

ئەو هەقە بە خۆی دەدا محاکەمە پیکبهینێ و خۆی بەپاکترین و دلسوزترین کەس دادبنیت, ئەو کەسەیە کە رکی لە براکوژی و دوبەرەکییە, واش لەخۆرازییە کە ئیتر لەریگەی مەحکوم کردنی "براکوژی" دەبتە باوکیك دەسەلاتی بەسەر هەموان بروا, بۆی هەبی ئەگەر لەخەتی سۆری رەفتاری قەومی راستودروست لابدەن, ئەو رەفتارەی هەر بەخۆی داری رشتوە هەموان سەرکۆنە بکات و بە قوریان وەربینی:

کوردیك کوردیك بکوژێ

نگریسە, هیچوپوچە, سافلە

کوژرانی کوردیك بەدەستی کوردیکی دیکە جینایەتیکە نابی کەس بیکا یان بیری لی بکا, کەچی کوشتنی غەیرەکوردیك بەدەست کوردیك دیارە حەلالە و تاوان نییە, کوشتن بۆخۆی وەك کردەوەیەکی خوینریژانەی وەحشییانە, حەرام نییە, بەلکو تەنیا کوردکوژی حەرامە. ئەوەش عەقلییەتی عەشايرییە, : پاراستنی خوینی رۆلەکانی عەشیرەت, پاراستنی وان لە یەکتر کوژی و دووبەرەکی بۆ ئەوەی عەشیرەت بەهیزوییەکگرتوبمینی بەرانبەر هۆزە داگیرکارەکانی ترەوە. ئەو عەقلییەتە نەریتی سەرەتایی و ساکاری و شۆفینیەتی قەبیلەیی لەیەکوەختدا لەخۆگرکردوە. هەرچەند پەشیو لە پالتۆکەی کومونیزمی ئیستالینزمیەوە هاتۆتە دەرەوە, باوکسالاری ستالین و جینایەکانی وی بۆ واقیعیکی کوردانەی عەشیەتگەریانە تەرجەمە دەکا, کۆمونیزم لیرەدا بەرگی قەبیلەی لەبەردەکری, یان بە پیچەوانەوەوە قەبیلە بەرگی کۆمونیزمی دەپۆشی.

لەنیو ئەم چیشتی مجیورەی ئیدیولوژی سازدراوەی ئالۆزکراوی بە پیوانەی ئاوەژودا, لەزارکی شاعیرەکەوە فەرمانی بکە ومەکە و و حەرام وحەلال دەبارێ، بۆ هەر بزاڤیك حەدیك دادەنی، حەدەکەش، دلسۆزی و خیانەتە, هەروەکو هەر ئیدیولۆژیەك: لە ئیدیۆلۆژی قەبیلەوە بگرە تا ئیدیۆلوژی کۆمونیستی. کەسیك ملکەچی فەرفانرەوا بیت (شاعیر لیرەدا دەوری خۆی دەگیری) بەرخورداری نازو نیعمەت دەبیت, وهەرکەسیکیش سەرپیچی و خیلاف ویستی فەرمانرەوا رەوتار بکا ئەوە خائینە و شایانی نفرین (کوشتنیش؟) دەبیت.

خائینە ئەوەی دەلی مرولە و دانەویلە دۆستن

خاینە ئەوانەی دەلین دەست و دەرزی دۆستن

خائنە ئەوەی دەلیت پەت و مل بران *

دیارە شاعیرەکە ئەو دیللیکتیکەی کە لە قەسیدەیەکی تریدا باسی لی دەکا, ژبیر کردوە، دیالیکتیکیش دەلیت شتگەل نسبین, ئیدی چون شاعیر شیری هەلکیشاو دەستی کرد بە دابارینی فەرمانی موتلەق کە لەسەرکردنەوەشیان بۆ نییە و نسبییەتی لەسەر ئەرزی تەخت کرد؟

www.kurdistannet.org
20/06/2002 22:41

لیرەدا شاعیرەکە بەزوری دەردی دلی خۆی دەریژی و هەرچی "میراتی" چونیەتی خویندنوەی خەلکی و سنووری دنیاکان لەناخیدا هەیە بۆ دەرێ دەردینی، ئەو میراتیەیەش لەسەرپشتی سەقامگیری عناصری دلسۆزی حەساوەتەوەیە. ئەو عناصرەش کال و بی رەحمن، دلسۆزی تەنها بۆ جەماعەتە و لەدەرەوەی هەرچی هەبیت قسەی قۆر و بۆشاییەکی ترسناکە.

ئەویتر لیرەدا حزووری نییە, کیانی نییە و روخسار وشیوەشی نیە. ناوی نییە, هەمو شتەکان لەناو جەماعەتەکەی مندایە, ئەز, شاعیرم، پاسەوانی جەماعەت و دەمراستەکەیم, جەماعەتیش لیرەدا رەحمیکی گەرمە, دایکە, پیوەندی شاعیر لەگەلیدا پیوەندی رەحمە, بۆیەش شاعیرەکە لەبەردەرکی ویدا ئیشکی بۆ دەکیشێ, پاسەوانی گیان وحالیەتی و لە هەر خەتەریك ئاگاداری دەکاتەوە:

دایکی میهرەبانم

ئاگاداربە

ئەوەی دەتدەنێ

ژەهرە, ژەهرە, ژەهر

دوژمن زۆرن و پیلانەکان چەپەل, زۆر خەتەر: ژەهرخواردوکردنی دایکە بەمەبەستی کوشتنی, وەها شاعیرەکە ئامانیکی گەورەی ئر لە دیدو بۆچون و نەزەری پییە لەمەر باوکایەتی و ودایکایەتی و رەحم و خزمایەتی خوینی و برایەتی نەریتی عەشیرەیی,، ئەو دیدو بۆچونانەی بە زەبری خشونەتی زمان و جەربەزەیی گوزارشت و دەربرین وەك بەرامبەریکی سمبولیکی داپلوسینی مادیانە و زەبروزەنگی جەستەییانە, تەرجەمە دەکات. شاعیرەکە هەرچەند دەمانچە و تەوری پی نییە تاکو خائنان، ئەوانەی لەعەشیرەت هەلدەگەرین، ئەوانەی دەلین (مرولە و دانەویلە بران، بۆ نمونە) بکوژێ، دەمانچە زمانییەکەی سوار دەکا (یان قامەی گوزارشت) و بیبەزییانە ریژنەی جنیو لە دوژمنەکەی دەکا.

پەشیوی شاعیر پیشەوایی سەرۆکەکانی پی قەبول نییە و پیشەوایی خۆری پی باشە، کەسانی دیکەی تاچەنیك بەپیوەری خۆی رەفتار ناکەن و تا چەنیك هەلە (خیانەت؟) دەکەن، لە گیرانی رۆلی خۆیان بی بەری دەکا.

پەشیو لە خەتاکاران سیاسیانە ناپرسیتەوەو ناچیتە قولایی بۆ رەگوریشەی ئەو خەتایانە, کە هەمو بەتایبەتی ئەوانەی "شیوعیانە پەروەردەکرابون", دەزانین کە رەگوریشەی مادی و کومەلایەتین، بەلکو بۆ خۆی پاشگەز دەکات و لە قولایی زاتیکی جاهل ونەزاندا کە بیرکردنەوە و هەلسەنگاندن لەدەرەوەی قانونی کۆمەلانی ئیبتدائی نەبیت نازانی چییە، دەخنکی وخوینرەوەشی دەخنکینێ. ئەو کۆمەلانە سەرەتاییانەش عەقلیان بە بزاڤی دەرەوەی خۆیان ناشکێ.

ئیتر هەموشت لە رایەلەی خزمایەتی ودەلالەتە راستەوخۆکانیان چەق دەبەستن,و شاعیریش لەناوخویندنەوەی ستالینییانە (ئابوریانە) دا گلۆلە دەبێ و سواری هەسپیکی چەموش دەبیت، هەر وەکو سەرۆك عەشیرەتیك رەعیەتەکانی بەسەردەکاتەوە و لەحالومالیان دەپرسیتەوە.

کردەوەکانی بۆ خۆیان لە دوگانەی هەق وناهەق و دلسۆزی و خیانەت، پیاوەتی و ژنایەتی، شەرەف و فاحشگی و لەو بابەتە زیتر بر ناکەن .

لەم بارەوە شاعیر چ فەرقیکی لەگەل دوژمنی غەدار نییە, ئەو دوژمنەی کە شاعیر بانگی خەبات دەکا لەدژی, لە افرادی جەماعەتەکەی خۆی دلگران و زیز بوە لەبەر ئەوەی سەرقالی یەکترکوشتنن و جەماعەت (میللەتیان) وەك نیچیریکی بی دیفاع بۆ دوژمن جی هیشوە. دوژمنیش لەبەرئەوە دوژمنە چونکە میللەت (نەتەوە) مکەی شاعیری لە هەقی خربونی رۆلەکانی لەدەوری بیبەش کردوە. دوژمنە لەبەر ئەوەی دەسدریژی کردوە بەسەریان و ستەمی کردوە لەهەقیان و قەتلوعامیانی کردوە. دوژمن دوژمنە چونکە ئازادی لی بریون, ئەو کارەشی بەزۆری ئاشکرا کردوە, چون شاعیرلە جەماعەتی دەوی ئازادی خۆیان بسیننەوە؟

www.kurdistannet.org
20/06/2002 22:41

برۆن, به خەنجەر ورکی ئاسۆ بدرن و

رۆژ ئازاد کەن

مزگەوت خاپور کەن و

روتان رزگار کەن

ئازادیتان کچیکه

هەزار ساله لەگەلتان دەخەوێ

ئەی پیاوەتیتان لەکویە؟ لەکوێ؟

شاعیر له دوژمن وەسیله و ئامرازی دوژمنەکەی بەقەرز وەردەگرێ و هەر وەکو وی کتومت رەفتار دەکات, ئاسۆ بەخەنجەر دەدرینی و مزگەوت دەروخینێ, ئایا زۆلم و زۆری شاعیر چی کەمه له هی دوژمن؟ چ فەرقیکیان لەم حالەدا له وەحشییەت و هەمەجییەتدا هەیە؟له هەردو حالدا هەر عەقلییەته وەحشییانەکەیە.

عەقلییەتیکی نیرانەشە, عەجزی جینسی کەسانی جەماعەتەکە به عەیبە دەزانی,ئەو ئازادییەی لەدووی دەگەرین بزرە چونکە پیاوەتیان لەدەستداوە, دەبی نیر بن نیر (به مەعنا جنسیەکەی و ئەخلاقیەکەی) تاکو ئەو ئازادیەی به تەماین لەسەر نوینی عفەت و شەرەفدا بسیننەوە.

ئەم معالجە جنسیەی بابەتی ئازادی وشەرەف شاعیریکی عیراقی دیکەمان وەیاد دینی، کە ئەمەیان عەرەبە, ئەوەش ئالای ئوممەتی بەرز هەلگرتبو, خۆی به مەنسوولی پاراستنی عفەت و شەرەفی عەرەب داناوە، هەروەهاش براکانی خۆی (رۆلەکانی ئوممەت) به جنیوو لەعنەت (ئەو جنیوانەی لەقاموسی جنس واخلاق ووە هەلینجاون) توپباران کرد, کەسیکی لیان به سەلامەتی دەرنەکرد, ئەو شاعیرەش موزەفەر النواب ە، کە مەسەلەکەی هەر وەکو پەشیو چارەسەر کردوە, رەنگیشه بتوانین بلین ئەو هەرایەی النواب نایەوە، و هاوکات لەگەل راگەیاندنی پرۆتیستە سەرنجراکیشەکەی, ئەو دیماگوگیەتە پوپولیستانەی چێ کردبو, هانی پەشیوی دابیت شوین پیی هەلگرێ. وای زانی کە نواندنی سوخت و رك و دەم کرنەوە به زاراوەی رەق و تیژ و جنیوی پیس به شیوەیەکی بی سابقە غەریزەی خەلکی گشتی دەوروژینی و هەستیان گر دەگرێ.

سلاحی النواب بۆ وروژاندنی هەست و حەماسەتی خەلکی دو شت بو:

- شۆڤینیزمی عەرەبی لەریگەی پیاهەلدان به نەسەبی عەرەب و رەگەزی رەسەنی عەرەب و خوینی عەرەب و شاسواری عەرەب و شتی لەو گوینە.
- شۆفینیزمی نیرایەتی لەریگەی دنەدانی نیرایەتی پیاوی عەرەبی بازار و پال پیوەنانی تاکو ببزوی بۆ پاراستنی شەرەف و عەرزی ئومەت کە له قدس ی " بووکی عەرەبایەتی" کە دوژمن زەوتی کردوە, خویان دەنوینن.

ئەگەر پەشیو چ النواب تەئسیری لی کردبی یان نە, هەردوکیان لەسەر یەك زەوی جولاونەتەوە و هەردوکیان هەمان مەشخەلیان لەسەر شان هەلگرتوە.

ئەگەر شیرکۆ بیکەس و سامی مهدی** به کلیتی حزب چونه مالی شیعرەوە (هەریەکیکیان حزیە قەومیەکەی خۆی هەیە) عبدالله پەشیو و موزەفەر النواب خۆیان هەریەکەو خۆی لەبری نەتەوەیەکی تەواو داناوە, وهەردوکیان خەلکی هان دەدەن لیهاتوویی خۆیان بسەلمینن تا بگەنە کنە بووکی، کە چاوەرییانە به خەنجەر شەرەفەکەی بپاریزن و لەگەلی بخەون و پیاوەتی بسەلمینن و رەسەناتی خۆیان سابت بکەن و رووی باوباپرانیان سپی بکەنەوە.

هەمووی هەر غەریزە و عەسەبییەت و و جنیو و نفرینە. لیرە ئەوەیە ئەسباب و ئامرازی نووسین، ئیتر شیعر وهونەر له نیو ئەم هەرایەدا له کوییە؟

نزار ئاگری

www.kurdistannet.org
20/06/2002 22:41

*دیاره كاك نزار وشەی " قەحپە" ی كە پەشیو لە شیعرەكانی بەكارهیناوە، بە "خاین" گوریوە. وشەی "نیشتمان" یش بەمەزندەی من بە "دایك" گوریوە.

** سامی مهدی سەرنووسەری ئورگانی بەعسی سەددامە.

www.kurdistannet.org